# ناوزەندکردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت

ID No. 1587

(PP 1 - 27)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.35.1



| پ.د. رزگار محمد قادر | م.هاوکار عمر احمد |
| --- | --- |
| بەشی یاسا،کۆلێژی یاسا، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر | وەزارەتی داد |
| rizgar70m@yahoo.com | hawkar.ahmed21@yahoo.com |



وەرگـــــرتن : 2021/3/18

پەسندکردن :26 /2021/4

بڵاوکردنەوە : 1/ 12 /2023

**پوختە**

دوای بڵاوبوونەوەی زیاتری بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی گرنگی ڕایی کردن و ئاسانکاری کردن بۆ کاروبارەکان و پەیوەندی کردن، و دواتریش دەرکەوتنی ئەو پێشێلکارییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، جۆرەها دەستەواژە و ناوی جیاواز بەکارهاتن بۆ دەربڕین و وێناکردنی ئەم تاوان و پێشێلکارییانە چ لەلایەن شارەزایانی بواری کۆمپیوتەر، یاخود لەلایەن ئەو یاسایانەی کە لەم بارەیەوە دەرکراون.

لەسەر ئەم بنەمایە، لە میانەی گەڕان بەناو سەرچاوەکانی تایبەت بەم بوارە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی یاساناسان و گرنگی پێدەرانی ئەم بابەتە لەلایەك، هەروەها لەسەر ئاستی یاساکانی تایبەت بەم بوارەش لەلایەکی تر کۆدەنگییەك بەدی ناکرێت لەبارەی دەستەواژەیەکی یەکگرتوو بۆ ناولێنانی ئەم پێشێلکارییانە، بەڵکو هەر یەکێك بە شێوازێك و بە ناوێك ناوزەندی کردوون. بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە بەشێك لە سەرچاوەکانی تایبەت بەم بابەتە هەر لە بنەڕەتەوە خۆیان لە باسکردن و گفتوگۆکردنی ئەم پرسە نەداوەو ئەوانەشی کە لەبارەیەوە دواون هەر یەکێکیان لە دیدگا و فەلسەفەی تایبەتی خۆیەوە لە بابەتەکەی ڕوانیووەو بە شێوازێکی تایبەت ناوزەندی ئەم پێشێلکارییانەی کردووەو بەڵگەو بیانووی پێویستیشی بۆ ئەم مەبەستە خستووەتە ڕوو.

لە سۆنگەی ئەوەی کە جێگیرکردنی دەستەواژەیەکی دیاریکراو بۆ ناوزەند کردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە لە زۆر ڕووەوە گرنگی و بەهای خۆی هەیە، بەپێویستمان زانی کە بابەتی ناوزەندکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە پێش هەموو بابەتێکی دیکە بکەوێت دەربارەی چونیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی ئەم تاوانانە.

**وشە سەرەکییەکان:** ناوزەندکردن, تاوانەکانی سەر کۆمپیوتەر, سایبەر کرایم, ڕووبەڕووبوونەوە, یەکخستنی ناوەکان.

**پێشەکی :**

**دوای بڵاوبوونەوەی زیاتری بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەك ئامرازێکی گرنگی ڕایی کردن و ئاسانکاری کردن بۆ کاروبارەکان و پەیوەندی کردن، و دواتریش دەرکەوتنی ئەو پێشێلکارییانەی کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە، جۆرەها دەستەواژە و ناوی جیاواز بەکارهاتن بۆ دەربڕین و وێناکردنی ئەم تاوان و پێشێلکارییانە چ لەلایەن شارەزایانی بواری کۆمپیوتەر، یاخود لەلایەن ئەو یاسایانەی کە لەم بارەیەوە دەرکراون.**

**لەسەر ئەم بنەمایە، لە میانەی گەڕان بەناو سەرچاوەکانی تایبەت بەم بوارە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە تاکو ئێستا لەسەر ئاستی یاساناسان و گرنگی پێدەرانی ئەم بابەتە لەلایەك، هەروەها لەسەر ئاستی یاساکانی تایبەت بەم بوارەش لەلایەکی تر کۆدەنگییەك بەدی ناکرێت لەبارەی دەستەواژەیەکی یەکگرتوو بۆ ناولێنانی ئەم پێشێلکارییانە، بەڵکو هەر یەکێك بە شێوازێك و بە ناوێك ناوزەندی کردوون. بەڵام ئەوەی کە پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە بەشێك لە سەرچاوەکانی تایبەت بەم بابەتە هەر لە بنەڕەتەوە خۆیان لە باسکردن و گفتوگۆکردنی ئەم پرسە نەداوەو ئەوانەشی کە لەبارەیەوە دواون هەر یەکێکیان لە دیدگا و فەلسەفەی تایبەتی خۆیەوە لە بابەتەکەی ڕوانیووەو بە شێوازێکی تایبەت ناوزەندی ئەم پێشێلکارییانەی کردووەو بەڵگەو بیانووی پێویستیشی بۆ ئەم مەبەستە خستووەتە ڕوو.**

**لە سۆنگەی ئەوەی کە جێگیرکردنی دەستەواژەیەکی دیاریکراو بۆ ناوزەند کردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە لە زۆر ڕووەوە گرنگی و بەهای خۆی هەیە، بەپێویستمان زانی کە بابەتی ناوزەندکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە پێش هەموو بابەتێکی دیکە بکەوێت دەربارەی چونیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی یاسایی ئەم تاوانانە.**

**گرنگی توێژینەوە:**

**لەڕوانگەی ئەوەی کە پێمان وایە خاڵی دەسپێك بۆ هەر دیاردەیەك یاخود هەر پرسێك بریتییە لە یەکلاکردنەوەی ناوی بابەتەکە و جێگیرکردنی دەستەواژەیەکی دروست بۆی کە دەربڕی دیاردەکە بێت و ببێتە مایەی دیاری کردنی سنورەکەی و واتای تەواوەتی پێ ببەخشێت و لەوانەی تر کە لێی دەچن یاخود لێوەی نزیکن جیای بکاتەوە، کە ئەمەش دەبێتە بنەما بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکەدا.**

**جیاکردنەوەی دەستەواژەو زاراوەکان و واتاکانیان، لە ڕیزی بابەتە گرنگ و بنەڕەتییەکانی بواری یاسا دادەنرێن. لەم بارەیەوە زانای بەناوبانگی فەرەنسی لیۆن دیگی (Duguit) ئەمە دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: هیچ زانستێك پێش ناکەوێت و گەشەناکات بەبێ هەبوونی زمانێکی ڕێك وپێك. هەروەها بۆ تێگەیشتن لەهەر شتێك پێویستە هەمان شت**

**بەهەمان وشە ناوزەندبکرێت و شتە جیاوازەکانیش بە وشەی جیاواز، ئەگەرنا دەبێتەهۆی دروست بوونی نەگونجان و ناڕوونی (دژیەکی)(1).**

**بەهەمان شێوە، ئەمە لەبارەی پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتیش هەر ڕاستە، و گرنگییەکەی لەوەدایە کە تاکو ئێستا ناوێکی دیاریکراو و یەکگرتوو یەکلانەبووەتەوە بۆ ناوزەندکردنیان کە ئەگەر بێت و ئەوە جێگیر کرا ئەوا ڕەنگە سەربکێشێ بۆ دانانی پێناسەیەکی گشتگیرو پوختیش بۆ دیاردەکە و زیاتر ڕوون بوونەوەی. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تریشەوە گرنگی دیاری کردنی دەستەواژەیکی تایبەت بۆ ئەم تاوانانە لەوەدا زیاتر دەردەکەوێت کە ئەم هەوڵە لە پێناو یەکخستنی دەستەواژەکانە کە ئەمەش گرنگ و بگرە پێویستیشە بۆ یەکخستنی ئەو یاسایانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەن، چونکە لە ڕاستیدا زیان و مەترسییە زۆرو زەوەندەکانی ئەم تاوانانە ئەوەندە گەورەو فراوانن کە تەنها لە سنوری وڵاتێکدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکو پەلی هاوێشتووە بۆ سنوری سەرجەم وڵاتانی جیهان و بووەتە هەڕەشەیەکی ئەوتۆی بەرچاو بەتایبەت دوای پەیوەست بوونی کۆمپیوتەر و ئامێرە تەکنۆلۆجییەکان بە تۆڕی ئینتەرنێت کە لەوسەری جیهانەوە تا ئەمسەری بە کلیك کردنێك دەتوانرێت جۆرەها تاوان و پێشێلکاری گەورە بێتە ئەنجامدان، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین بڵێین ئەم تاوانانە تایبەتمەندییەکی جیهانیان وەرگرتووە وەکو تاوانە جیهانییەکانی تری وەك بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و ئافرەتان و منداڵان، لەبەر ئەمە و زۆر هۆکاری تریش یەکخستن و یەکلابوونەوەی دەستەواژەیەکی دیاری کراو گرنگی زۆری دەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ دیاردەکە بەتایبەتی لەڕووی یاساییەوە.**

**ئەگەر بێت و لەسەر ئاستی پسپۆران و شارەزایانی بواری یاسای تاوانی و بەتایبەت تر بواری تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کۆدەنگییەك دروست ببێت لەسەر دەستەواژەیەکی یەکگرتوو بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە، ئەوا لەکاتی داڕشتن و دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە بەتایبەت سەبارەت بەو وڵاتانەی کە تاکو ئێستا هەنگاوی یاساییان لەسەر ئەم پرسە نەگرتووەتە بەر لە نێویشیاندا عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە، بەرچاوڕوونی و ئاسانکاری بەرچاو لەم بارەیەوە پێشکەش بە یاسادانەر دەکات.**

**سنوری توێژینەوە:**

**سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە گفتوگۆکردن و خستنەڕووی گرنگترین ئەو دەستەواژەو ناوانەی کە بۆ دەربڕین و ناوزەندکردنی پێشێلکاری و تاوانەکانی کۆمپیوتەر بەکارهاتوون لەسەر دوو ئاست: ئاستی یەکەم ئەو**

---

**(1) العميد ليون دكي: دروس في القانون العام، تعريب: د. رشدي خالد، منشورات مركز البحوث القانونية (1)، مطبعة وزارة العدل، بغداد، 1981، ص15.**

**دەستەواژانەی کە لەلایەن یاساناسان و شارەزایان و تایبەتمەندانی ئەم بوارەوە بەکارهاتوون. ئاستی دووەمیش ئەو ناو و دەستەواژانەی کە لەلایەن یاسادانەری وڵاتانەوە کە لە دووتوێی یاسا تاوانییەکانی تایبەت بەم بابەتە دەقنوس کراون.**

**شایانی ئاماژەپێکردنە، کە باسکردن و تیشك خستنەسەر پێناسەو تایبەتمەندی و خاسیەتەکانی تاوانەکانی سەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەکەونە دەرەوەی چوارچێوەی توێژینەوەکەمان و لەبارەیانەوە نادوێین.**

**گرفتی توێژینەوە:**

**وەکو لە پێشەکی ئەم توێژینەیەدا ئاماژەمان پێکرد، گرفتی هەرە گەورەی ئەم توێژینەوەیە بەرجەستە دەبێت لە پەرتەوازەیی بۆچوونەکان چ لەسەر ئاستی یاساناسان و شارەزایانی بواری یاسای تاوانی، و بەهەمان شێوەش لەسەر ئاستی یاسا ڕێکخەرەکانی ئەم بوارە، لەبارەی ناوێك یاخود دەستەواژەیەکی دیاری کراو و یەکگرتوو بۆ ناوزەند کردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە ڕووبەڕووی کۆمپیوتەرو ئامرازی ئینتەرنێت دەبنەوە، بەڵکو هەر کەس و لایەنێك بە شێوازێکی جیاواز ناوزەندی کردوون کە زۆرجار دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرێك لە تێکەڵی و سەرلێشێوان سەبارەت بە تێگەیشتن لەم تاوانانە و پەرت بوونی سەرنج و نەگەیاندنی مەبەستە بنەڕەتییەکە، کە ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکە و گرفتەکە.**

**پلانی توێژینەوە:**

**پلانی ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان بریتیە لە خستنەڕوو وتاوتۆکردنی ئەو دەستەواژە دیارو بەربڵاوانەی کە بۆ ناوزەندکردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر بەکارهاتوون لە دوو جێباس دا، جێباسی یەکەم تەرخان دەکەین بۆ باسکردنی ئەو ناوزەندکردنانەی کە پشت دەبەستن بە بابەتی تاوانەکە. جێباسی دووەمیش تەرخان دەکەین بۆ ئەو ناوزەندکردنانەی کە پشت دەبەستن بە ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوانەکان. کۆتاییش تەرخان دەکەین بۆ خستنەڕووی دەرئەنجام و راسپاردەکان.**

## ناوزەند کردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت(1)

**[1] توێژینەوەیەکی وەرگیراوە لە تێزێکی دکتۆرا بە ناونیشانی (بەرەنگاربوونەوەی یاسایی تاوانەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت) لە کۆلێجی یاسای زانکۆی صلاح الدین/هەولێر.**

## جێباسی یەکەم

### ئەو ناوزەندکردنانەی کە پشت بە بابەتی تاوانەکە دەبەستن

**بەرلەوەی باس لەم دەستەواژانە بکەین، بە پێویستی دەزانین ئاماژە بەوە بکەین کە بەشێك(1) لەوانەی کە باسیان لەم تاوانانە کردووە هەر بەشێوەیەکی خێرا و بەبێ ڕۆچوون و گرنگی پێدانی ئەوتۆ بە بابەتەکە تێپەڕبوون بەسەر تاوتوێ کردنی پرسی ناوزەندکردنی ئەم تاوانانەدا، بەڵکو لاوەکیانە و بەشێوەی لەخۆوە جۆرەها دەستەواژەیان ڕیز کردووە، وەك تاوانی خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، تاوانی فێڵکردنی کۆمپیوتەر، تاوانە ئەلیکترۆنییەکان، تاوانەکانی کۆمپیوتەر، تاوانەکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر، تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری، تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای بەرز، تاوانەکانی هاکەرز، تاوانەکانی خاوەن یەخە سپیەکان، تاوانە ژمارەییەکان، تاوانە نەرمەکان، تاوانە خاوێنەکان و (سایبەر کرایم) و چەندانی تریش، ڕەنگە هۆکاری ئەم جۆراوجۆرێتیە لەو ناو و لە دەستەواژانە لەلایەك بۆ ئەو گەشە سەندن و پێشکەوتنە خێرایەی بواری تەکنۆلۆجیا بگەڕێتەوە، لەهەمان کاتیشدا بڵاوبوونەوەی زۆر و لەڕادەبەدەری دیاردەی پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر لەلایەکی تر، سەرباری ئەمەش جیاوازی لە دیدگاو تێڕوانین و بیروبۆچوونی شارەزایان و تایبەتمەندانی بوارەکانی یاساو زانستە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت ڕاگەیاندنەکان ئەم جیاوازییەی زۆرتر کردووە(2) یاخود جیاوازییەکە ڕەنگە بەهۆی جیانەکردنەوەی پێکهاتە مادی و مەعنەویەکانی کۆمپیوتەرەوە سەری هەڵدابێت(3).**

**پەیوەست بەو ناوزەندکردنانەی کە پشت دەبەستن بە بابەتی تاوانەکە (زانیاری)، مەبەستمان ئەوەیە کە زیاتر ئەوە لە ناوەکان بەدی دەکرێت کە بابەتی تاوانەکە کە زانیاریە ڕەگەزی سەرەکی پکهێنێەری خودی دەستەواژەکە یاخود**

---

**(1) محمود احمد عبابنة، جرائم الحاسوب و ابعادها الدولية، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، ص11. هەروەها د.طه سيد احمد الرشيدي، مدى المواجهة التشريعية لجرائم المعلومات في نظام الجزائري و المصري و السعودي، الطبعة الاولى، دار الكتب و الدراسات العربية، الاسكندرية، 2016، ص15. و د. راشد محمد المري، الجرائم الالكترونية في ضل الفكر الجنائي المعاصر، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية للنشر و التوزيع ، القاهرة، 2018، ص16 و 17.**

**(2) جعفر حسن جاسم الطائي، جرائم تكنولوجيا المعلومات رؤية جديدة للجريمة الحديثة، دار البداية ناشرون و موزعون، عمان، 2008، ص107.**

**(3) د.محمد حماد مرهج الهيتي، الجريمة المعلوماتية- نماذج من تطبيقاتها، دراسة مقارنة في التشريع الاماراتي و السعودي و البحريني و القطري و العماني، دار الكتب القانونية و دار الشتتات للنشر و البرمجيات، مصر-الامارات، 2014، ص43.**

**واتاکەیەتی، کە ئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لە چوار دەستەواژە کە بریتین لە هەریەکە لە (تاوانەکانی زانیاری) و (تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری نویێ یاخود بەرز) و (تاوانەکانی فێڵکردنی زانیاری) و (تاوانەکانی خاوەن یەخە سپییەکان). بۆ تاوتۆکردنی هەریەك لەم دەستەواژانە، ئەم جێیاسە بۆ چوار داخوازی دابەش دەکەین کە هەریەکەیان بۆ دەستەواژەیەك تەرخان دەکەین.**

**داخوازی یەکەم**

**دەستەواژەی تاوانەکانی زانیاری**

**یەکێك لە دەستەواژە هەرە بەربڵاوەکان کە بۆ ناوزەندکردنی ئەو پێشێلکاری و دەستدرێژیانەی کە ڕووبەڕووی کۆمپیوتەر دەبێتەوە بەکارهاتووە بریتیە لە دەستەواژەی تاوانەکانی زانیاری (الجرائم المعلوماتية)، بەو پێیەی کە دەستەواژەیەکی گشتییە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوری و یاساییشەوە (1)، لە هەمان کاتدا تا ڕادەیەکی زۆر گشتگیر و فراوانە و هەموو ئەو تاوانانە لە ئامێز دەگرێت کە بەڕێگای ئەو ئامێر و تەکنۆلۆجیایانە ئەنجام دەدرێن کە لەکاتی ئێستادا بوونیان هەیە، هەروەها ئەوانەشی کە بەڕێگای ئەو تەکنۆلۆجیایانەی کە لە داهاتوو دروست دەبن و دێنەکایەوە ئەنجام دەدرێن، کە مامەڵە لەگەڵ زانیاریدا دەکەن لەناویشیاندا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت(2). سەرەڕای ئەمەش، ئەم دەستەواژەیە ئاشنایە بە وێژەی (ئەدەبیاتی) یاسایی هاوچەرخ (3) و زیاتر دەربڕی ئەم جۆرە پێشلکارییانەیە (4)، هەر بۆیە ئەگەر سەیری هەندێك لەو یاسا تاوانییانەی کە لەم بابەتە دواون بکەین، دەبینین کە ئەم جۆرە ناوزەندکردنە بەکارهاتووە، هەر بۆ نمونە یاسادانەری وڵاتی کوێت ئەم دەستەواژەیەی بۆ ئەم جۆرە تاوانانە داناوە لە یاسای ژمارە (63)ی ساڵی 2015 دا**

---

**[1] محمد علی العريان، الجرائم المعلوماتية، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2011 ، ص19.**

**[2] نهلا عبدالقادر المؤمني، الجرائم المعلوماتية، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2008، ص47. هەروەها هشام محمد فريد رستم، قانون العقوبات و مخاطر تقنية المعلومات، مكتبة الالات الحديثة، 1994، ص35.**

**[3] د. عمار عباس الحسينى، جرائم الحاسوب و الانترنت- الجرائم المعلوماتية، الطبعة الاولى، مكتبة زين الحقوقية، لبنان، 2017، ص36.**

**[4] حنان ريحان مبارك المضحكي، الجرائم المعلوماتية، دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2014، ص24.**

**ناوزەندی ئەم تاوانانەی بە تاوانەکانی زانیاری (الجريمة المعلوماتية) کردووە(1). جگە لەم یاسایە، بەهەمان شێوە یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی زانیاری وڵاتی سعودیە(2) هەمان دەستەواژەی بەکارهێناوە بۆ ئەم جۆرە تاوانانە.**

**ئەوەی جێگای تێبینییە لەبارەی ئەم دەستەواژەیەوە، هەندێك لە شارەزایان وای دەبینن کە ڕاستە ئەم دەستەواژەیە بەشێوەیەکی زۆر فراوان و بەربڵاو بەکارهاتووە لەلایەن یاساناسان و یاسادانەرانیشەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەستەواژەیەکی زۆر ورد و دروست نیە چونکە وشەی (زانیاری) وشەیەکی یەکجار فراوانەو هەموو جۆرە زانیارییەك دەگرێتەوە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا و بریتی نیە تەنها لەو زانیارییانەی کە لەناو یادگەیەکی کۆمپیوتەر یاخود ئینتەرنێتدا بوونیان هەیە، بۆیە وای بەباش دەبینن کە دەستەواژەیەکی وەها بۆ ئەم تاوانانە دابنرێت کە هەم ڕەهەندێکی تەکنۆلۆجی هەبێت و لەهەمان کاتیشدا ڕەهەندێکی یاساییشی هەبێت(3).**

**لەسەر هەمان بنەما، ئێمەش لای خۆمانەوە پێمان وایە سەرەڕای بەرفراوانی بەکارهاتنی ئەم دەستەواژەیە، بەڵام هەر پاڵپشتی ئەو ڕایەی سەرەوە دەکەین کە پێی وایە ئەم دەستەواژەیە گوزارشت لەم تاوانانە ناکات، هەروەها، وشەی زانیاری جگە لەوەی واتا و ڕاڤەیەکی فراوان هەڵدەگرێت، لەهەمان کاتیشدا تەنها بریتی نیە لەو زانیارییانەی کە لە دووتوێی یادگە (هاردێکی) کۆمپیوتەردا هەڵدەگیرێت، بەڵکو وشەکە زۆر ڕەهایە و هەموو ئەو زانیارییانەش دەگرێتەوە کە لە شوێن و جێگا جیاوازەکاندا هەڵگیراون یاخود بوونیان هەیە، هەروەك ئەو زانیارییانەی لەنێو کتێب یاخود نوسراوەکاندا بوونیان هەیە، بەم پێیە، ئایا ئەگەر دەستکاری یاخود ئەم زانیارییانەی ناو کتێب و نوسراوەکان بگۆڕدرێن دەچێتە چوارچێوەی ئەم تاوانانە؟ بێ گومان وەڵامەکە نەرێنییە و ئەم تاوانانە بابەتێکی جیاوازن لەم بارودۆخە، بۆیە تێڕوانینمان وایە کە ئەم دەستەواژەیە زۆر ورد نیە بۆ ناوزەندکردنی ئەم تاوانانە و بە شێوەیەکی دروست مەبەستەکە ناپێکێت.**

**داخوازی دووەم**

**دەستەواژەی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری نوێ یاخود بەرز**

**هەر لە چوارچێوەی ئەو ناوانەی کە بۆ ناوزەندکردنی ئەم تاوانانە بەکارهاتوون، تێڕوانینێك هەیە کە پێی وایە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی لەم ساڵانەی دواییدا دوو بواری سەرەکی لەخۆگرت، ئەوانیش بریتین لە هەریەکە لە بواری کۆمپیوتەر و بواری گەیاندن (الاتصال)، بەگوێرەی پێشکەوتنی زیاتری ئەم دوو لایەنە و نزیك بوونەوەیان لەیەکتر و تێکەڵ**

---

**(1) القانون رقم (63) لسنة 2015 بشأن مكافحة جرائم تقنية المعلومات.**

**(2) نظام مكافحة الجرائم المعلوماتية السعودي، لسنة 1428 الهجرية.**

**(3) د.علي عبود جعفر، جرائم تكنولوجيا المعلومات الحديثة الواقعة على الاشخاص و الحكومة، الطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، 2013، ص24.**

**بوونیان، دەخوازێ کە دەستەواژەیەکی وردتر و گشتگیرتر بۆ ئەم تاوانانە دابنرێت کە هەردوو بوارەکە بگرێتەخۆ کە ئەویش بریتییە لە دەستەواژەی (تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری نوێ یاخود بەرز) (جرائم تكنولوجيا المعلومات الحديثة-العالية)،(1) لێرەدا ئەو پرسیارەش کراوە کە ئایا بۆچی وشەی (نوێ)یان زیادکردووە بۆ تەکنۆلۆجیای زانیاری؟ وەڵامەکەش بریتی بووە لەوەی چونکە تەکنۆلۆجیای زانیاری قۆناغەکانی پێشووتر جیاوازە لەهی ئێستا و تاکو زیاتر مەبەستەکە بپێکێت ئەم وشەیە زیادکراوە (2).**

**هەروەها، هەندێکی تریش لە یاساناسان پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن و پێیان وایە کە دەستەواژەی تەکنۆلۆجیای تاوانەکانی زانیاری نوێ وردترین و دروست ترین دەستەواژەیە بۆ وێناکردنی ئەم دیاردەیە یاخود ئەم تاوانانە، چونکە سەرەڕای ئەو بیانووانەی کە لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، هێشتا ئارگومێنت بەوە دەهێننەوە کە بکەرانی ئەم جۆرە تاوانانە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکانیاندا مامەڵە لەگەڵ زانیاری و کۆمپیوتەردا دەکەن، بەڵام بەبێ بوونی بەرنامەیەکی نوێ و پێشکەوتوو لەناو کۆمپیوتەرەکەدا ئەستەمە یاخود مەحاڵە تاوانەکە ئەنجام بدرێت، بۆیە پێویست دەکات وشەی نوێ یاخود پێشکەوتوو لەگەڵ تەکنۆلۆجیای زانیاری دابنرێت(3).**

**هەر سەبارەت بەم بۆچوونە، زۆرێك لەیاسادانەری وڵاتان لە میانەی ڕێکخستنی ئەم تاوانانەدا بەم شێوەیە ناوزەندی کردوون، وەکو یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری وڵاتی ئیمارات(4)، هەروەها یاسای بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری وڵاتی بەحرەین (5)، یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری وڵاتی سوریا (6) و یاسای بەرەنگاربوونەوەی تاوانەکانی تەکنۆلۆجیای زانیاری وڵاتی عومان (7).**

---

**[1] امير فرج يوسف، الجرائم المعلوماتية على شبكة الانترنت، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية، 2008، ص107.**

**[2] د.علي عبود جعفر، مصدر سابق، ص24-25.**

**[3] د. مشتاق طالب وهيب النعيمي، تزوير المعلومات كأحد صور الجرائم المعلوماتية، دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، 2018، ص41.**

**[4] قانون اتحادي رقم (12) لسنة 2016 في شأن مكافحة جرائم تقنية المعلومات لدولة الامارات المتحدة.**

**[5] قانون رقم (60) لسنة 2014 بشأن جرائم تقنية المعلومات البحريني.**

**[6] قانون تنظيم التواصل على الشبكة ومكافحة الجريمة المعلوماتية السورية، الصادر بالمرسوم التشريعي رقم/17/ لعام 2012.**

**[7] قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات لدولة عمان رقم (12) لسنة 2011.**

**ئەوەی جێگای سەرنجە، کە ئەم دەستەواژەیە تا ڕادەیکی یەکجار زۆر فراوانیی لەخۆ دەگرێت بەجۆرێك کە هەرچی شێواز و جۆرەکانی پێشێلکاری کۆمپیوتەر هەیە دەگرێتەوە تەنانەت ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە بە بەدەر لە کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن وەکو بەکارهێنانی ئامراز و تەکنۆلۆجیای تر بۆ گوێ گرتن (تنصت) یاخود بۆ بڵاوکردنەوەی نهێنییەکان(1).**

**داخوازی سێیەم**

**دەستەواژەی تاوانەکانی فێڵکردنی زانیاری**

**یەکێکی تر لەو دەستەواژانەی کە بۆ پێشێلکارییەکانی کۆمپوتەر بەکار هاتووە خۆی دەبینێتەوە لە دەستەواژەی تاوانەکانی فێڵکردنی زانیاری (الغش المعلوماتي)(2) کە زیاتر لە دوای پێشکەوتنی ئامرازەکانی چۆنیەتی پاراستنی داتا و زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر و تەنانەت داتا و زانیاری ناو یادگە و سی دی و هاوچەشنەکانیشیان بەهۆی داهێنانی جۆرەها بەرنامە و دانانی وشەی نهێنی بۆ کردنەوەی ئەو داتا و زانیاریانەی کە کۆگا کراون کە بەبێ شکاندن و زاڵبوون بەسەر ئەو پشتێنە تەناهی و بەرنامانەدا ئەستەمە دەست بگات بە زانیاری و داتاکان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم وشە زیاتر مەبەست لێی پێشێلکارییەکانی سەر لایەنی نامادی کۆمپوتەر دەگرێتەوە، بەهەرحاڵ ئەوەی جێگای گرنگی پێدانە، شکاندن و زاڵبوون بەسەر ئەمانەدا شارەزایی و ئەزموونی دەوێت و بەجۆرێك لە فێڵکردن نەبێت بەدی نایەت، هەر ئەمەش بووە هاندەری ئەوەی کە ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەم جۆرە تاوانانە دابنرێت(3)، بەڵام ئەوەی جێگای گفتوگۆیە ئەوەیە کە ئایا تا چەند دروستە دەستەواژەی فێڵکردنی زانیاری بۆ پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر بەکاربێت؟**

**سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك(4) پێیان وایە کە چوارچێوەی ئەم دەستەواژەیە ناتوانێت بەشێکی زۆر لەم تاوانانە لەخۆ بگرێت وەك تاوانەکانی لەناوبردنی زانیاری و چەندانی تریش، بەڵام وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە لە دوو تەوەردا راڤە دەکەین، تەوەری یەکەم بریتیە لەوەی کە وشەی فێڵکردن (غش) واتاکەی لە چوارچێوەی یاسای تاوانیی ناڕوون و نادیارە و هەر بە ناڕوونیش ماوەتەوە لەبارەی چۆنیەتی تێگەیشتن لە تاوانەکانی پەیوەست بە زانیاری و دانەپاڵی بیرۆکەی فێڵکردن بۆ سەرجەم ئەم تاوانانە، بە شێوازێك کە ئەم جۆرە دەربڕینە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەرجەم تاوانەکان و**

---

**(1) امير فرج يوسف، مصدر سابق، ص107.**

**(2) حنان ريحان مبارك المضحكي، الجرائم المعلوماتية، مصدر سابق، ص27.**

**(3) د.محمد حماد مرهج الهيتي، مصدر سابق، ص58.**

**(4) رشاد خالد عمر، المشاكل القانونية و الفنية للتحقيق في الجرائم المعلوماتية، دراسة تحليلية مقارنة، الطبعة الثانية، المكتب الجامعي الحديث، 2017، هامش رقم (5)، ص20.**

پێشێلكارییەكانی سەر كۆمپیوتەر بە شێوازی ئەنقەست ئەنجام دەدرێن بە ڕەهایی، چونكە بۆ بەدیهاتنی پێویست بە شكاندن و زاڵبوونی پشتێنە ئاسایشییە تەكنیكییەكان دەكات وەك مەرجێكی بنەڕەتی بۆ پاراستنی تاوانیی بۆ ئەو لایەنانەی كە ڕووبەڕووی ئەم پێشێلكارییانە دەبنەوە، بەم پێیە بێت هەر سیستەمێك كە پاراستنی تەكنیكی دانەناوە ئەوا ئەم تاوانە لە دژی نایەتەدی، هەر بۆیە ناكرێت دەستەواژەی فێڵكردنی زانیاری بۆ ئەم جۆرە تاوانانە بەكاربهێنرێت(1).

هەر پاڵپشت بەو ڕایەی سەرەوە، پێمان وایە كە مەرج نیە بەشێوەیەكی ڕەها ئەوە بگوترێت كە سەرجەم تاوانەكانی سەر كۆمپیوتەر بە شێوازێكی بە ئەنقەست ئەنجام دەدرێت، چونكە ڕەنگە هەندێك جار ئەم تاوانانە بە شێوازی نائەنقەستیش بەدی بێن، بۆ نموونە لە چوونەژوورەوەی ناڕەوا و بێ مۆڵەتدا، كە زۆرێك لە یاسای وڵاتان بەتاوان هەژماری كردووە، جاری وا هەیە كە بەڕێگای ڕێكەوت و بێ مەبەست دەكەویتە ناو سیستەمێكی زانیاری و ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دروست بوونی تاوانەكە.

پەیوەست بە تەوەری دووەمی وەڵامەكەمان لەبارەی وشەی زانیارییەوەیە، كە پێشتر لە دەستەواژەی (تاوانەكانی زانیاری) دا چەند ڕەخنە و بەڵگەیەك خرانەڕوو سەبارەت بەوەی كە وشەی تاوانەكانی زانیاری ورد و دروست نیە، بەتایبەت تر ئاماژە بەوە كرا كە زانیاریش دەستەواژەیەكی زۆر فراوانە و بەتەنیا ئەو زانیارییانە ناگرێتەوە كە لە نێو یادگەی كۆمپیوتەرێكدا هەڵگیراون، بۆیە هەم كەلێن و نەنگی لە وشەی فێڵكردنەكەدا بەدی دەكرێت و هەم وشەی زانیاریەكەش بۆ ئەم تاوانانە گرفتی خۆی هەیە بێ خەوش نیە.

### داخوازی چوارەم

### دەستەواژەی تاوانەكانی خاوەن یەخە سپییەكان

یەكێكی تر لەو دەستەواژانەی كە بۆ ناوزەندكردنی پێشێلكارییەكانی سەر كۆمپیوتەر كە لەلایەن بەشێك لە شارەزایانی ئەم بوارەوە بەكارهاتووە بریتییە لە تاوانەكانی خاوەن یەخە سپییەكان (White Collar Crime)(2) كە لە كۆندا

---

(1) د.محمد حماد مرهج الهيتي، جرائم الحاسوب، ماهيتها، موضوعها، اهم صورها و الصعوبات التي تواجهها- دراسة تحليلية لواقع الاعتداءات التي يتعرض لها الحاسوب و موقف التشريعات الجنائية منها، الطبعة الاولى، دار المنهاج للنشر و التوزيع، عمان، 2005، ص77.

(2) بۆ نموونە بڕوانە:

John Montgomery, Computer Crime, White-Collar Crime: Fourth Survey of Law, 24 American Criminal Law Review 429 (1987).

بۆ ئەو تاوانانە بەکار دەهات کە لە لایەن ڕۆشنبیران و کەسانی خاوەن زانست و زانیاری و بە تواناوە ئەنجام دەدرا، بە تێپەڕبوونی کات بەتایبەت لە دوای شۆڕشی زانیاریەوە ئەم دەستەواژەیە بەکارهات بۆ ئەو تاوانانەی کە بەردەوام ئامانجەکە تیایاندا بریتییە لە داتا و زانیاری کە تاوانەکانی کۆمپیوتەریش دەچێتە ناو ئەم بازنەیەوە(1).

لەم ڕوانگەیەوە، هۆکاری ئەم جۆرە ناوزەندکردنە بۆ ئەم جۆرە تاوانانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە پێویستی بە شارەزایی و زانست و زانیاری ئەوتۆ هەیە لەلایەن بکەرەوە بەتایبەت چۆنیەتی کارکردن و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بەرنامە و سیستەمە زانیارییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، کە ڕاستە ئەنجامدانی ئەم جۆرە تاوانانە پێویستی بە شارەزایی و لێزانین و زانیاری هەیە، بەڵام وردیی و دروستی لە زانستدا وا دەخوازێ ناونانی هەر دیاردەیەك وێنا و دەربڕی دیاردەکە بێت بە دروستی، هەروەها ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دیاری بکات بەشێوەیەك لەگەڵ هیچ دیاردەیەکی جیاوازتر لەخۆی تێکەڵ نەبێت، سەرەڕای ئەمانەش فراوانی و دیارنەبوونی سنوری ئەم زاراوەیە بە ئەندازەیەکە وا دەردەکەوێ کە سەرجەم ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لەلایەن کەسانی بە توانا و شارەزا و خاوەنکارانەوە ئەنجام دەدرێت لە سەرجەم بوارەکاندا، بۆیە ناکرێت بڵێین ئەم ناوە وێنا و دەربڕی ئەو پێشێلکارییانەیە کە ڕووبەڕووی کۆمپیوتەر دەبێتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم دەستەواژەیە لەسەر بنەمای توێژی ئەنجامدەرانی دیاری کراوە کە زیاتر لە زانستی تاوانیدا بەدی دەکرێت، بەو پێیەی کە وێنای هەندێ تاوان دەکەن لەسەر بنەمای ئەو خاسیەتانەی کە لە بکەرەکانیدا بوونیان هەیە، بۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لێی بڕوانین ئەم جۆرە وێناکردنە جێبەجێ نابێت تەنها لەسەر ئەو چەشنە لەتاوان، بەڵکو لەوانەیە لەسەر کۆمەڵە و چەشنی تر لە تاوانیش جێبەجێ ببێت، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایانە ئەم جۆرە ناوزەندکردنە بە ورد و دروست دانانرێت و ڕەت دەکرێتەوە(2).

## جێباسی دووەم

### ئەو ناوزەندکردنانەی کە پشت بە ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان دەبەستن

مەبەستمان لەم جۆرە ناوزەندکردنە ئەوەیە کە شارەزایان و پسپۆرانی ئەم بوارە بەمەبەستی ناوزەندکردنی ئەم جۆرە تاوان و پێشێلکارییانە پشتیان بەستووە بە ئامرازی ئەنجامدانی تاوانەکە کە خۆی لە ئامرازەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا دەبینێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە هەریەك لە دەستەواژەی (تاوانە ئەلیکترۆنییەکان) کە لە داخوازی یەکەمدا

(1) امیر فرج یوسف، مصدر سابق، ص104.

(2) د.محمد حماد مرهج الهیتي، الجريمة المعلوماتیة- نماذج من تطبیقاتها، دراسة مقارنة في التشريع الاماراتي و السعودي و البحریني و القطري و العماني، مصدر سابق، ص54و55.

ڕاڤەی دەکەین، دەستەواژەی (سایبەرکرایمیش) لە داخوازی دووەمدا تاوتۆ دەکەین، دەستەواژەی (تاوانەکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر) داخوازی سێیەمی بۆ تەرخان دەکەین، دەستەواژەی (تاوانەکانی تۆڕی ئینتەرنێت) لە داخوازی چوارەمدا باس دەکەین، دەستەواژەی (خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر) لە داخوازی پێنجەمدا شرۆڤە دەکەین، دەستەواژەی (تاوانەکانی کۆمپیوتەریش) لە داخوازی شەشەم، هەروەها داخوازی حەوتەم و کۆتاییش بۆ خستنەڕووی تێڕوانینی خۆمان لەم بارەیەوە تەرخان دەکەین بەو پێەی کە ئەمیش دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم جۆرە ناوزەندکردنانەوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

### داخوازی یەکەم

### دەستەواژەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان

پەیوەست بە ناوزەندکردنی پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر، بەشێك لە شارەزایانی بوارەکە پێیان وایە کە دەستەواژەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان (الجرائم الالكترونية) باشترین و گونجاوترین دەستەواژەیە کە بەکاربهێنرێت بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە تاوانانە، بەوپێیەی کە ئەم دەستەواژەیە سەرجەم ئەو تاوانانە دەگرێتەوە چ بەڕێگای کۆمپیوتەر یاخود بەڕێگای هەر ئامێرێکی تری ئەلیکترۆنی بێتە ئەنجامدان جا هەرچ ناوێکی هەبێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، یاساناسان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە دەستەواژەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان گونجاوە بۆ ناوزەندکردنی ئەو تاوانانەی کە ڕوو دەدەن لە چوارچێوەی لاپەڕەی تۆڕەکانی زانیاری بەو پێیەی کە وشەی (ئەلیکترۆنی) سەرجەم ئەو شتانەی کە پەیوەندیدارن بە تەکنۆلۆجیای نوێ دەگرێتەوە، و هەروەها ئەو تاوانانەش کە بەڕێگای کۆمپیوتەر ئەنجام دەدرێن(1)، لەسەر ئاستی یاساکانیش بەشێك لە یاسادانەری وڵاتان ئەم دەستەواژەیەیان بەکارهێناوە لە میانەی دەقە یاساییەکاندا بەمەبەستی ناوزەندکردنی ئەم جۆرە تاوانانە، بۆ نمونە لە یاسای مامەڵە و بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکانی میرنشینی دوبەیدا، ئەم دەستەواژەیە بەکاهاتووە و لە پاڵ ئەمەشدا، وشەی ئەلیکترۆنی پێناسەکراوە بەوەی کە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە تەکنۆلۆجیای نوێوە هەبێت و لە هەمان کاتیشدا، خاوەن توانای کارەبایی ژمارەیی یا موگناتیسی یا لاسلکی یاخود (بصري) بینراویی بن، و زانیاری تیایاندا خاوەنی تایبەتمەندی ئەلیکترۆنی دەبێت لە شێوەی دەق، هێما، دەنگ، وێنە، بەرنامەی کۆمپیوتەریی یاخود هەر داتایەکی تر، لەسەر شێوازی سیستەم بێت بۆ داڕشتن، ناردن، وەرگرتن و کۆگاکردن یا پیشاندانی چارەسەری زانیاری (معالجة المعلومات) یاخود پەیامی ئەلیکترۆنی و

(1) نبيلة هبة هروال، الجوانب الاجرائية لجرائم الانترنت في مرحلة جمع الاستدلالات، الطبعة الاولي، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، 2007، ص33. و د.محمد كمال شاهين، الجوانب الاجرائية للجريمة الالكترونية في مرحلة التحقيق الابتدائي، دراسة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2018، ص15.

هەر پێشێلکارییەك بۆ سەر ئەمانە دەخەنە بازنەی تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و بەو شێوەیە ناوزەندی دەکەن(1). هەروەها بەهەمان شێوە لە یاسای تاوانە ئەلیکترۆنییەکانی وڵاتی ئەردەندا بەم شێوەیە ناوزەندکراوە(2).

## داخوازی دووەم

## دەستەواژەی سایبەر کرایم

یەکێکی تر لەو دەستەواژە باوانەی کە بۆ ناوزەندکردنی تاوان و پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر بەکارهێنراوە بریتیە لە دەستەواژەی سایبەر کرایم (Cyber Crime)، کە سەرەتا ئەم زاراوەیە لە وڵاتانی ئەوروپا بەکارهات و دواتر بە وڵاتانی تری جیهاندا بڵاوبووەوە. ئەم دەستەواژەیە بەوە دەناسرێتەوە کە زۆر گشتگیرە بۆ تاوانەکانی کۆمپیوتەر و تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بەوپێیەی کە وشەی سایبەر لەلایەن هەندێکەوە بە واتای خودی ئینتەرنێت بەکاردێت، یاخود بە واتای جیهانی گریمانەیی (العالم الافتراضي)، هەروەها لەلایەن توێژەرانیشەوە زیاتر مانای جیهان یا چەرخی کۆمپیوتەری وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی جیاوازی ئەوتۆ و گەورە بکەن لە چوارچێوەکەی لە نێوان کۆمپیوتەر لەگەڵ ئینتەرنێتدا بەڵکو هەردووکیان لە ژینگەی چارەسەر و گۆڕینەوەی زنیاریدا تێکەڵ کراوە(3).

جێگای ئاماژەپێکردنە، ئەم دەستەواژەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی لەلایەن بەشێك لە ڕێکخراو و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانەوە بەکارهاتووە وەك لە زۆرێك لە ڕاپۆرتە ساڵانەییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەم دەستەواژە هاتووە(4)، هەروەها تەنانەت لەلایەن ڕێکەوتننامەی تایبەت بەم تاوانانە کە ئەنجومەنی ئەوروپی لە بۆدابێست-مەجەر ساڵی 2001 پەسەندی کردووە بەکارهاتووە(5). سەرەڕای ئەمەش، هەم لەسەر ئاستی پسپۆران و

---

(1) قانون المعاملات و التجارة الالكترونية لامارة دبي رقم (2) لسنة 2002.

(2) قانون الجرائم الالكترونية الاردنية رقم (27) لسنة 2015.

(3) د. حسين محمد الغول، جرائم شبكة الانترنت و المسؤلية الجزائية الناشئة عنها، دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، مكتبة بدران الحقوقية، بيروت، 2017، هامش رقم (1)، ص39.

(4) See: https://www.unodc.org/e4j/ar/tertiary/cybercrime.html. Last visited: 4/3/2021.

(5) Council of Europe Convention on Cybercrime, C.E.T.S. No. 185, concluded and opened for signature Nov. 23, 2001, entered into force Jul. 1, 2004. available at: http://conventions.coe.int/Treaty/en/Treaties/Html/185.htm. Last visited: 4/3/2021.

شارەزایانی بواری یاسای تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت (1)، لەهەمان کاتیشدا لەسەر ئاستی یاساکانیش ئەم دەستەواژە بەکارهاتووە، وەکو لە یاسای قەدەغەکردنی تاوانەکانی سایەری فلیپینی(2) و یاسای سایەری پورتوگالیدا(3) بەم شێوازە ناوزەندی تاوانەکانی سەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کراوە.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینیە لەسەر ئەم دەستەواژەیە، ئەوەیە کە ئەگەر وەك زاراوەیەك بۆ ئاماژەدان بەو چالاکیە تاوانییانەی کە کۆمپیوتەر تیایدا وەك ئامرازێکی ئاسانکار بۆ ئەنجامدانی تاوان بەکاردێت بەکاربهێنرێت ورد و دروست نیە، چونکە ئەمە پێچەوانەی تێگەیشتن و واتای ڕاستەقینەی دەستەواژەکەیە، کە کردەوە تاوانییەکان لەدژی هەریەك لە خودی کۆمپیوتەر و سیستەمە زانیارییەکان ئەنجام دەدرێن، نەك بەتەنها دژی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی ئاسانکار بۆ ئەنجامدانی تاوان (4).

هەروەها، لەلای خۆمانەوە پێمان وایە کە ئەم دەستەواژەیە چەند نەنگی و کەم و کوڕییەکی تێدایە کە وا دەکات ورد و دروست نەبێت بۆ ناوزەندکردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، بەو پێیەی کە گوزارشتی دروست لە واتا و تێگەیشتنی ڕاستەقینەی ئەم تاوانانە ناکات، چونکە تەنانەت نەتوانراوە وەربگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی و هاوتای وشەکە بەدروستی لەزمانی عەرەبیشدا نەدۆزراوەتەوە بۆیە ئێمەش هەروەکو خۆی دەستەواژەکەمان هێناوە وەك چۆن لە نوسینە عەرەبیەکانیش وا کراوە. سەرەڕای ئەمەش چ لەسەر ئاستی خەڵکانی ئاسایی یاخود ئەکادیمی ئەم زاراوەیە زۆر ڕوون و ئاشنا نیە. بۆیە ناکرێت یاسایەك بەم ناوە دابنرێت کە تێگەیشتنێکی گشتگیر لەبارەیەوە نەبێت و واتا و لێکدانەوەکەی ناڕوون و نادیاربێت. لەلایەکی تریش، ڕەنگە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتوو تاڕادەیەك گونجاوبێت بەو پێیەی زاراوەکە لای ئەوان بەربڵاو بووە و تێگەیشتن لەبارەیەوە لەهەموو ئاستەکان دروست بووە، بەڵام بۆ وڵاتانی وەکو عێراق پێمان وانیە کە بەکارهێنانی گونجاوبێت وئامانج بپێکێت تا بەواتای دروستی دەستەواژەکە ئاشنا

---

[(1)] See BERNADETTE H. SCHELL & CLEMENS MARTIN, CYBERCRIME - A REFERENCE HANDBOOK, xii (2004); DEBRA LITTLEJOHN SHINDER, SCENE OF THE CYBERCRIME: COMPUTER FORENSICS HANDBOOK, SYNGRESS PUBLISHING 289 (2002). RUSSELL G. SMITH ET AL., CYBERCRIMINALS ON TRIAL 48 (2004).

[(2)] An Act Defining Cybercrime, Providing For The Prevention, Investigation, Suppression and The Imposition of Penalties Therefore and for other Purposes, no. 10175/2012. Available at https://www.officialgazette.gov.ph/2012/09/12/republic-act-no-10175/, last visited 13/3/2021.

[(3)] The Cybercrime Law No. 109/2009 (Portugal).

[(4)] د. مشتاق طالب وهيب النعيمي, مصدر سابق، ص40.

**نەبین. ئەوەشمان پێ دروست نیە ئەگەر ئەوە بكرێتە پێوەر كە لەبەرئەوەی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكان و ڕێكەوتننامەی بۆدابێستەوە بەكارهاتووە ئیتر ورد و تەواوە، چونكە لەبەرامبەردا وڵاتانی تری گەورەی وەك ئەمەریكا و بەریتانیا ئەم دەستەواژەیان بەكارنەهێناوە بەڵكو دەستەواژەی خراپ بەكارهێنانی كۆمپیوتەریان بەپەسەند زانیوە، ئەمەش لەناوی یاساكانیاندا ڕەنگی داوەتەوە كە دواتر تیشك دەخەینەسەریان، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە هەم ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و هەم ڕێكەوتنامەكەش ڕوونە كە كاردەكەن لەسەر ئاستی هەموو جیهان و خاسیەتێكی سەرانسەریی جیهانیان وەرگرتووە بۆیە پێویستە دەستەواژەیەك بەكاربهێنن كە هەموو جیهان پێی ئاشنابێت نەك بەشێكی زۆر لە وڵاتان تێگەیشتنی دروست و بەربڵاویان لەبارەیەوە نەبێت، وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد تەنانەت لەمیانەی گەڕان و سوڕان بەناو سەرچاوە عەرەبیەكانیشدا ئەوەمان بەدی كرد كە ئەوانیش نەیانتوانیووە بە دروستی وەری بگێڕنە سەر زمانی عەرەبی بەڵكو زاراوەی سایبەر كرایمیان وەكو خۆی بەكارهێناوە.**

**داخوازی سێیەم**

**دەستەواژەی تاوانەكانی پەیوەست بە كۆمپیوتەر**

**یەكێكی تر لە دەستەواژە بەكارهاتووەكان بۆ ناولێنانی پێشێلكارییەكانی سەر كۆمپیوتەر بریتیە لە دەستەواژەی (تاوانەكانی پەیوەست یا پەیوەندیدار بە كۆمپیوتەر) كە بەشێوەیەكی بەربڵاو لەلایەن یاساناسانی ئەمریكایی بەكار هاتووە(1)، بەڵام ئەوەی جێگای هەڵوەستەكردنە لەسەر ئەم ناوە ئەوەیە كە بەكارهێنانی ئەم جۆرە ناوزەندكردنە دەبێتە هۆی بەرفراوان بوونی چوارچێوە و سنوری ئەو پێشێلكارییانەی سەر كۆمپیوتەر و هەردوولایەنی مادی و مەعنەوی لەخۆ دەگرێت، كە ئەمەش لە ڕاستیدا هەڵەیە لەبەر ئەوەی ناكرێت هەر شتێك تۆزێك پەیوەندی بە تاوانێكەوە هەبێت ڕاستەوخۆ ئەویش بخرێتە ژێر چەتری هەمان تاوان، بە تایبەت ئەگەر جیاوازییەكە لە (مەحەل)ی تاوانەكەدا بوو، چونكە (مەحەل)ی ئەم تاوانانە لایەنی مەعنەوی كۆمپیوتەرە وەك داتا و زانیاری و بەرنامە و سیستەمەكان، و پاراستنە تاوانییەكە**

---

**(1) Steve Shackelford, Computer-Related Crime: An International Problem in Need of an International Solution, 27 Texas International Law Journal. 479 (1991); Douglas H. Hancock, To What Extent Should Computer Related Crimes Be the Subject of Specific Legislative Attention?, 12 Albany Law Journal of Science & Technology 97 (2001).**

**لەپێناو ئەم لایەنانەیە، هەرچی ئەو پێشێلکارییانەیە کە دەکرێنە سەر لایەنی مادی کۆمپیوتەر وەك دزینی پارچە و پێکهاتە مادییەکانی کۆمپیوتەر ئەمە بابەتێکی جیاوازە و دەچنە چوارچێوەی تاوانە کلاسیکییەکانەوە(1).**

**داخوازی چوارەم**

**دەستەواژەی تاوانەکانی تۆڕی ئینتەرنێت**

**هەر پەیوەست بەم باسە، بەشێکی تر لە شارەزایانی بوارەکە پێیان وایە کە دەستەواژەی تاوانەکانی تۆڕی ئینتەرنێت (جرائم شبكة الانترنت) گونجاوە بۆ ناوزەند کردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە، ئەمەش لە ڕوانگەی جیاوازی کردن لە نێوان تاوانەکانی تۆڕی ئینتەرنێت لەگەڵ زاراوەیەکی تری نزیك لەخۆی کە بریتیە لە تاوانەکانی ئینتەرنێت، بەو پێیەی کە مەبەست لە زیادکردنی وشەی تۆڕ بریتییە لە چوارچێوەیەکی فراوان کە سەرجەم ئەو تاوانانەی کە بە ڕێگای ئەم تۆڕەوە ئەنجام دەدرێن لەخۆ دەگرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە دەستەواژەی تاوانەکانی ئینتەرنێت بازنەکەی تەسکترە و ئەم تاوانانە لە چوارچێوەی یەك تاواندا کە پەیوەستە بە هێڵی ئینتەرنێتەوە سنوردار دەکات(2). لە لایەکی تریشەوە، تاوانەکانی ئینتەرنێت هەموو جۆرە تاوانیك یا ڕەفتارێکی تاوانی ئەلیکترۆنی دەگرێتەوە کە تیایدا ئینتەرنێت وەکو ئامرازێك بۆ بەجێ گەیاندنی تاوانەکە بەکاردێت، لە نێویشیاندا ئەو تاوانە مادیانەی تریش دەگرێتەوە کە لە میانەی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن، وەکو هاندانی بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلی دزراو لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە و تاوانی تریش.(3)**

**ئەوەی جێگای تێبینی کردنە لەم بارەیەوە، وای تێ دەنۆڕین کە دەستەواژەی تاوانەکانی تۆڕی ئینتەرنێت هێشتا دەستەواژەیەکی تەواو گونجاو نیە بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە تاوانانە، بەڵکو ناتوانێت ببێتە چوارچێوەیەك بۆ لە خۆگرتنی سەرجەم ئەو تاوانانەی کە پەیوەستن بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، چونکە وا دەردەکەوێ کە تەنها ئەو تاوانانە لە ئامێز بگرێت کە بە ڕێگای تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێن (کە ڕەنگە بەشێك لە تاوانە کلاسیکییەکانیش بەم شێوازە و بەڕێگای ئینتەرنێت ئەنجام بدرێت) نەك ئەو تاوانانەی کە تیایدا پێویست بە بەکارهێنانی هێڵی ئینتەرنێت ناکات، بەم پێودانگە بێت ئەمانە دەچنە دەرەوەی چوارچێوەکە، کەچی لە بنەڕەتدا ئەستەم نیە بەڵکو زۆر جاریش ڕوودەدات کە ئەم جۆرە تاوانانە بە بێ بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت ئەنجام بدرێن، بۆ نموونە کاتێك کەسێکی ڕێگە پێ نەدراو یان تەنانەت ڕێگە پێدراویش لەناو سیستەمێکی زانیاریدایە بە ئازادانە دەتوانێت هەر بەرنامە و داتا و زانیارییەك کە مەبەستیەتی بیسڕێتەوە یا لەناوی**

---

**[1] د.محمد حماد مرهج الهيتي، جرائم الحاسوب، ماهيتها، موضوعها، اهم صورها و الصعوبات التي تواجهها- دراسة تحليلية لواقع الاعتداءات التي يتعرض لها الحاسوب و موقف التشريعات الجنائية منها، مصدر سابق، ص73و74.**

**[2] د. حسين محمد الغول، مصدر سابق، ص43.**

**[3] امير فرج يوسف، مصدر سابق، ص107.**

**ببات. بۆیە پاڵپشت بەمە دەتوانین بڵێین کە ئەم دەستەواژەیەش شیاو و گونجاو نیە بۆ ناوزەند کردنی ئەو پێشێلکارییانەی کە پەیوەستن بە کۆمپیوتەر.**

**داخوازی پێنجەم**

**دەستەواژەی خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر**

**لە لایەکی ترەوە، هەندێکی تر لە گرنگی پێدەرانی ئەم بوارە دەستەواژەی خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر (Computer Misuse or Abuse) بە پەسەند دەزانن بۆ ناوزەندکردنی تاوانەکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر(1) بەو واتایەی کە ئەم تاوانانە تەنها بە گرتنەبەری شێوازێکی خراپ لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە دێتەدی و ئەگەر ئەم خراپ بەکارهێنانە ئەنجام نەدرێت تاوانەکەش دروست نابێت، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە کە ئەم ڕوانگەیەش بە هەمان شێوەی بۆچوونەکانی پێشتر نەنگی و هەڵەی تێدایە چونکە لە ڕاستیدا هەندێك بارودۆخی بەکارهێنانی خراپ هەیە کە ناگەنە ڕادەی دروست بوونی تاوان، لە لایەکی تریشەوە، ئەم ڕێچکەیە لە بابەتی خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر بۆ ئەنجامدانی تاوان چڕ دەبێتەوە و سەرجەم ئەو کردەوانەی تر پشتگوێ دەخات کە تیایدا بە شێوەیەکی ڕەوا کۆمپیوتەر بەکاردێت و تاوانیشی لێ دەکەوێتەوە(2)، ئەگەر ڕونتر بدوێین بۆ نموونە کەسێك کە لە بنەڕەتەوە ڕێگەپێدراو و بگرە تایبەتمەندە بە زیادکردن و کەم کردنی داتا و زانیاری لەسەر سیستەمێك و لە میانەی هەبوونی ئەم ڕێگە پێدانە و بەکارهێنانە ڕەوا و دروستەی کۆمپیوتەر یاخود سیستەمەکەوە تاوانێك ئەنجام دەدات بۆ نموونە سڕینەوە یا گۆڕانکاری کردن لە داتایەك، لێرەدا بەپێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە بێت لەبەر ئەوەی خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە گۆڕێ نیە بۆیە تاوانەکەش دروست نابێت، کەچی لە بنەڕەتەوە ئەم بارودۆخەش یەکێکە لە پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی سەر کۆمپیوتەر و دەچێتە خانەی ئەم تاوانانەوە، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەم ناوزەندکردنەش پڕ بە پێستی هەموو ئەم تاوانانەیە.**

**شایانی باسە، لەسەر ئاستی یاسای وڵاتانیش هەندێك نموونە وەربگرین دەبینین کە یاسای فێڵکردن و خراپ بەکارهێنانی تاوانەکانی کۆمپیوتەری ئەمەریکی ساڵی 1986(3) و یاسای خراپ بەکارهێنانی کۆمپیوتەری بەریتانی ساڵی 1990(4)، هەر بەم شێوازە ناوزەندی کردوون.**

---

**(1) Elizabeth A. Glynn, Computer Abuse: The Emerging Crime and the Need for Legislation, 12 Fordham Urban Law Journal 73 (1984).**

**(2) د. مشتاق طالب وهيب النعيمي، مصدر سابق، ص39.**

**(3) USA Computer Fraud and Abuse Act of 1986، 18 U.S.C.**

**(4) United Kingdom's Computer Misuse Act، 1990، Ch. 18.**

**داخوازی شەشەم**

**دەستەواژەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر**

**یەکێکی تر لەو دەستەواژە بەربڵاوانانەی کە بۆ ناوزەندکردنی پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەر بەکارهاتووە بریتییە لە دەستەواژەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر (Computer Crime)، بەو واتایەی کە کۆمپیوتەر بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی تر کە لەلایەن یاساناسان(1) و تەنانەت یاسای هەندێك ویلایەت و وڵاتیش بەکارهاتووە بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە تاوانانە، بۆ نمونە یاسای تاوانەکانی کۆمپیوتەری ویلایەتی ڤێرجینیای ساڵی 1986 ( Virginia Computer Crimes Act)(2) ویاسای تاوانەکانی کۆمپیوتەری وڵاتی مالیزی ساڵی 1997 (Malaysian Computer Crimes Act).**

**ئەم دەستەواژەیە تا ڕادەیەکی زۆر بە گونجاو دەزانرێت بۆ ناولێنانی ئەم تاوانانە لەو ڕووەی کە ناوە ڕەسەنەکە بەکارهاتووە بەبێ سود وەرگرتن لە وەرگێڕان چونکە زۆرجار وەرگێڕان واتا و مەبەستی وشەکان دەشێوێنێت، هەروەها لەڕووی ئەوەش کە سەرجەم پێشێلکارییەکانی سەر لایەنی مادی و لایەنی نامادی کۆمپیوتەریش دەگرێتەوە(3). بەڵام هەندێك وای دەبینن کە نەنگی و نادروستی ئەم دەستەواژەیە لەوەدایە کە یەکجار گشتگیر و فراوانە و هەموو ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە تیایدا کۆمپیوتەر وەك ئامراز بەکاردێت لە تاوانی دیکەدا، هەروەها وەك ئەوانەشی کە خودی کۆمپیوتەر تیایادا دەبێتە ئامانجی تاوانەکە(4). سەرەڕای ئەمەش، ڕەخنەیەکی تریش لەم دەستەواژەیە دەگیرێت ئەویش ئەوەیە بەشێك لە پسپۆران پێیان وایە کە لە ڕاستیدا و بەلانی کەم لە ڕووی لۆژیکەوە هیچ تاوانێك بوونی نیە بەناوی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و خودی کۆمپیوتەر هیچ گوناهێکی نیە لە دروست بوونی ئەم تاوانانە، بەڵکو ڕەفتارو کردەوە تاوانییەکان سەرجەمیان لە ئەنجامی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر سەریان هەڵداوە(5).**

---

**(1) Robert Ditzion et al, Computer Crimes, 40 American Criminal Law Review, 285 (2003); Michael Hatcher et al, Computer Crimes, 36 American Criminal Law Review, 397 (1999).**

**(2) Available at:. https://law.lis.virginia.gov/vacode/title18.2/chapter5/section18.2-152.1/. Last visited, 12/3/2021.**

**(3) د.محمد حماد مرهج الهيتي، الجريمة المعلوماتية- نماذج من تطبيقاتها، دراسة مقارنة في التشريع الاماراتي و السعودي و البحريني و القطري و العماني، مصدر سابق، ص53.**

**(4) امير فرج يوسف، مصدر سابق، ص106.**

**(5) د.محمد حماد مرهج الهيتي، الجريمة المعلوماتية- نماذج من تطبيقاتها، دراسة مقارنة في التشريع الاماراتي و السعودي و البحريني و القطري و العماني، مصدر سابق، ص53.**

**هەر لەم بارەیەوە، پێمان وایە کە دەستەواژەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر بە تەنها بەتەواوی بەس نیە بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە، چونکە ڕاستە زۆربەی تاوانەکان لەسەر کۆمپیوتەر یا بەهۆی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکی تریش لەم تاوانانە بە ڕێگای بەکارهێنانی تۆڕ یاخود هێڵی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێت و ڕەنگە بەبێ بوونی ئینتەرنێت نەتوانرێت ئەنجام بدرێن، بۆ نموونە هەندێك جۆری تاوانی بڵاوکرنەوەی ڤایرۆس و چوونەژوورەوە و مانەوەی بێ مۆڵەت.**

**داخوازی حەوتەم**

**تێڕوانینی ئێمە لەبارەی ئەم بابەتە**

**ئەو باس و خواسانەی سەرەوە دەرخەری ئەوەن کە لە میانەی گەشتەکەماندا هەوڵمانداوە بەشێك لەو دەستەواژانەی کە بۆ ناوزەندکردنی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەکارهاتوون بخەینەڕوو، ئەمە چ لەسەر ئاستی تێڕوانینی شارەزایان و یاساناسان بێت، یاخود لەسەر ئاستی بەکارهێنانی دەستەواژەکەوە بێت لەلایەن یاسادانەرانەوە، ماوەتەوە بڵێین دوای هەڵوەستەکردن لەسەر بەشێك لەو دەستەواژانەو تاوتوێ کردنی بەشێکی تریان، تێڕوانینی خۆمان لەبارەی ئەم بابەتە پێشکەش بکەین، کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی کە بەپەسەندی دەزانین دەستەواژەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە پێشێلکاری و تاوانانە بەکاربهێنرێت کە هەرچەندە بەکاریش هێنراوە بەڵام نەك لەسەر ئاستی یاساکان بەڵکو لێرەو لەوێ جارجار ئاماژەی پێدراوە،(1) چونکە زیاتر دەرخەری واتاو مانای دیاردەکەیە و ڕاستەوخۆ و بەڕوونی هزر و سەرنجی خوێنەر یا گوێگر ئاراستەی ئەو جۆرە تاوانانە دەکات، نەك وەك ئەو دەستەواژە ئاماژەپێکراوانەی سەرەوە کە لەبەر فراوانی و زۆریی لێکدانەوەکانی سەبارەت بە واتاکانیان، زۆر بابەتی تر خۆی دەخزێنێتە ناویان و دەبێتە هۆی پەرت بوونی سەرنج و (تەرکیزی) خوێنەر و بەشێوەیەکی ئاسان و ڕاستەوخۆ نابەن و کێشی ناکەن بەرەو واتای ئەم جۆرە تاوانانە.**

**هەرچەندە هەندێك لە توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە کە ئەم دەستەواژەیە ورد و دروست نیە بۆ ناوزەندکردنی دیاردەکە و تەنها ئەو تاوان و چالاکییە نەخوازراوانە دەگرێتەوە کە لەڕێگای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن و ئەوانە ناگرێتەوە کە بەڕێگای مۆبایلەوە دێنە ئەنجامدان(2)، بەڵام لێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین لەسەر ئەم بابەتە و جیاوازی بکەین لەنێوان دوو جۆر لە تاوان کە مۆبایل و تابلێت تیایاندا ڕەگەزێکی گرنگی تاوانەکەیە، جۆری یەکەم خۆی**

**[1] بۆنموونە: د. غنام محمد غنام، دور قانون العقوبات في مكافحة جرائم الكومبيوتر والانترنت، الطبعة الاولى، دار الفكر والقانون للنشر والتوزيع, المنصورة، 2016-2017. وەك ناونیشانی کتێب. هەروەها، د.محمد عبدالله ابوبكر سلامة، موسوعة جرائم المعلوماتية، جرائم الكومبيوتر والانترنت، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2006، وەك ناونیشانی کتێب.**

**[2] رشاد خالد عمر، مصدر سابق، هامش رقم (5)، ص20.**

دەبینێتەوە لە کۆمەڵە تاوانێکی کلاسیکی وەکو جنێودان، هەڕەشە، ناوزڕاندن یاخود بڵاوکردنەوەی وێنە و تایبەتمەندییە کەسییەکانی تاوانلێکراو، لە ڕاستیدا ئەم جۆرەیان لەبەر ئەوەی بە یاسا کلاسیکییە کۆنەکان پاراستنی یاساییان بۆ دانراوە و خراونەتە چوارچێوەی تاوانەوە و بەم پێیەش دەکەونە دەرەوەی سنوری توێژینەوە و مەبەستەکەی ئێمە، بەڵام جۆری دووەم کە مەبەستمانە و بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە ئەو تاوانانەن کە چ بە ڕێگای کۆمپیوتەر و چ بەڕێگای ئەو مۆبایل و تابلێتە زیرەکانە و هاوشێوەکانیان دەکرێت ئەنجام بدرێن کە هەمان تایبەتمەندی کۆمپیوتەریان هەیە و پەیوەست دەبن بە هێڵی ئینتەرنێتەوە و هەمان سیستەمی کارکردنیشیان هەیە، لێرەدا دەپرسین ئایا تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت تەنها ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە بەڕێگای کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن؟ (وەك ئەو بۆچوونەی سەرەوە ئاماژەی پێکردووە) یاخود ئەوانەش دەگرێتەوە کە بەڕێگای ئەم مۆبایلە زیرەکانەوە دێنە ئەنجامدان؟

لەوەڵامدا دەڵێین بەڵێ بێ گومان بەمانەش دەوترێت تاوانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، چونکە ڕاستە ئەم تاوانانە بە ڕێگای کۆمپوتەرەوە ئەنجام نادرێن، بەڵکو بەڕێگای ئەو مۆبایلە زیرەکانەوە ئەنجام دەدرێن کە هەمان کاری کۆمپیوتەرەکە دەکەن و هەمان ئەو سیستەم و بەرنامانەی کە لە کۆمپیوتەرێکدا پیادە دەکرێت، دەتوانرێت لەم جۆرە مۆبایلانەشدا بەکاربێت، گرنگ ئەوەیە لەتوانایدا هەبێت تاوانە تاکەکانی سەر کۆمپیوتەریشی پێ ئەنجام بدرێت، بۆیە پێمان وایە کە مۆبایلی زیرەکیش خۆی لەخۆیدا کۆمپیوتەرێکی بچوککراوەیە و پەرەسەندن و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لە داهاتوودا ئەوە دەسەپێنێت بەسەرماندا کە ئیتر مەرج نیە کۆمپیوتەر بەو شێوە و قەبارە گەورەی کە لەکاتی ئێستادا بونیان هەیە بەرهەم بهێنرێن، بەڵکو ئاماژەکان بەرەو بچوککردنەوەی ئامێرە تەکنۆلۆجییەکان دەڕۆن و ڕەنگە لەداهاتوویەکی نزیکدا بە ئامێرێکی یەکجار بچووك بتوانرێت بە تەواوی هەمان کاری کۆمپیوتەر ئەنجام بدرێت تەنانەت بەشێوەیەکی ئاسانتریش، بۆیە پێویست ناکات گرنگی لەڕادەبەدەر بە ناوی ئامێرەکان بدەین بەڵکو ئەوەی گرنگە ئایا بەو ئامێرە دەتوانین ئەم جۆرە تاوانانەی پێ ئەنجام بدەین یاخود ناتوانین، لێرەدا لەبەر ئەوەی دەکرێت بەو مۆبایلانەش هەمان تاوان ئەنجام بدرێت و هەمان سیستەمی کۆمپیوتەریان تێدایە بۆیە دەتوانین بڵێین کە هەر تاوانێکیش بەو مۆبایلانە ئەنجام بدرێت دەچنە خانەی تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە و دەتوانین بەهەمان ناو ناوزەندیان بکەین. لەپاڵ ئەمەشدا ئەگەر بگوترێت ناکرێت مۆبایل و تابلێتە زیرەکەکان بە کۆمپیوتەر هەژماربکرێن ئەوا وشەی (ئینتەرنێت) ئەو کەلێنە پڕ دەکاتەوە کەوا ئامرازی بەستنەوەی مۆبایلە زیرەکەکانە بە جیهانی دەرەوە.

هەروەها دەستەواژەی ئینتەرنێتیش کە زیادمان کردووە مەبەست لێی ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆر لەو تاوانە تاکانەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بەبێ پەیوەست بوونی کۆمپیوتەر بە هێڵی ئینتەرنێتەوە ئەستەمە ئەنجام بدرێن بەڵکو زۆربەیان بە کەڵك وەرگرتن لە خزمەتگوزاری ئینتەرنێت و بەستنەوەیان لەڕێیەوە بە کۆمپوتەرەکانی ترەوە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەم تاوانانە.

**کۆتایی**

**دوای تەواو بوونی توێژینەوەکەمان، کاتی ئەوە هات لە خوارەوە دەرەئەنجام و ڕاسپاردەکانمان بخەینەڕوو:**

**یەکەم: دەرئەنجامەکان:**

**1- لە دوای ئەوەی کە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر وەك ئامرازێکی سەرەکی ڕایی کردن و ئاسانکاری کردنی کاروبارەکان لەسەرتاسەری جیهان بە شێوەیەکی بەربڵاو پەرەی سەند، بە تایبەت تر دوای سەرهەڵدانی ئینتەرنێت و پەیوەست بوونی لەگەڵ کۆمپیوتەردا، هاوتەریب بەمە پێشێلکاری جۆراوجۆریش ڕووبەڕوویان بووەوە کە دەرەنجامی زۆر نەرێنی و ترسناکی بەدوای خۆیدا لێکەوتەوە، ئیتر دوای ئەمە بەمەبەستی ناوزەندکردنی ئەم پێشێلکارییانە جۆرەها ناو و دەستەواژەی جیاواز هاتنەکایەوە کە هەریەکێکیان بە پێی قۆناغ و بارودۆخێکی جیاوازو لە دیدگا و تێڕوانینێکی جیاوازەوە دروست بوون و سەریان هەڵدا.**

**2- تاکو ئێستا چ لەسەر ئاستی یاساناسان و گرنگی پێدەرانی ئەم پرسە چ لەسەر ئاستی یاسا ڕێکخەرەکانی تایبەت بەم بوارە کۆدەنگییەك بەدی ناکرێت سەبارەت بە دەستەواژەیەکی یەکگرتوو بۆ ناولێنانی ئەم پێشێلکارییانە، بەڵکو هەر یەکێك بە شێوازێك و بە ناوێك ناوزەندی کردوون کە ڕەنگە هۆکاری ئەم جیاوازییەش بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك پاڵنەر کە خۆی دەبینێتەوە لەو گەشە سەندن و پێشکەوتنە خێرایەی بواری تەکنۆلۆجیا لەلایەك، لەهەمان کاتیشدا و بڵاوبوونەوەی زۆر و لەڕادەبەدەری دیاردەی پێشێلکارییەکانی سەر کۆمپیوتەرلە لایەکی تر، سەرباری ئەمەش جیاوازی لە دیدگا و تێڕوانین و بیربۆچوونی شارەزایان و تایبەتمەندانی بوارەکانی یاسا و زانستە کۆمەڵایەتیەکان و تەنانەت ڕاگەیاندنەکان ئەم جیاوازییەی زۆرتر کردووە، یاخود هەندێك جار جیاوازییەکە ڕەنگە بەهۆی جیانەکردنەوەی پێکهاتە مادی و مەعنەویەکانی کۆمپیوتەرەوە سەری هەڵدابێت.**

**3- یەکلاکردنەوە و جێگیرکردنی دەستەواژەیەکی دروست بۆ ئەو تاوان و پێشێلکارییانەی بە کۆمپیوتەر پەیوەستن کە دەربڕی دیاردەکە بێت و ببێتە مایەی دیاری کردنی سنورەکەی و واتای تەواوەتی پێ ببەخشێت و لەوانەی تر جیای بکاتەوە، گرنگیەکی رادەبەدری هەیەو دەبێتە بنەما بۆ دیاریکردنی چوارچێوەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ دانانی پێناسەیکی گشتگیر و پوختیش بۆ دیاردەکە و زیاتر ڕوون بوونەوەی، سەرباری ئەمەش هەبوونی یەك دەستەواژەی تایبەت بەم بوارە پێشینە مەرجی هەرە پێویستە بۆ یەکخستنی ئەو یاسایانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە دەکەن. هەروەها ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی هەوڵ و هاریکارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان یەکبخرێن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە دزێوە. بەپێچەوانەشەوە زۆری و بۆری ئەم دەستەواژانە دەبێتە هۆی دروست بوونی جۆرێك لە تێکەڵی و سەرلێشێوان سەبارەت بە تێگەیشتن لەم تاوانانە و پەرت بوونی سەرنج و نەگەیاندنی مەبەستە بنەڕەتییەکە، کە ئەمەش کاریگەری زۆری نەرێنی دەبێت بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ گرفتەکە.**

**4- هەرچەندە گەلێك ناو و دەربڕین بەمەبەستی ناوزەندکردنی ئەم تاوانانە بەکارهاتوون، بەڵام دیارترین و بەربڵاوترینیان دەتوانین پۆلێن بکەین بەسەر دوو پۆل، ئەو ناوزەندکردنانەی کە پشت بەبابەتی تاوانەکە دەبەستن و ئەوانەش کە پشت دەبەستن بە ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوانەکە.**

**دووەم: ڕاسپاردەکان:**

**1- لەسەر ئاستی پسپۆران و شارەزایانی بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دیاردەی پێشێلکارییەکانی پەیوەست بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دەستەواژەیەکی دیاریکراوی یەکگرتوویان بۆ دابندرێت تاکو هەموولایەك بە یەك شێوە تێگەیشتنیان لەبارەیەوە هەبێت و ڕاستەوخۆ لە مەبەست و واتاکەی بگەن، ئەمەش بەمەبەستی یەکخستنی چۆنیەتی مامەڵەکردن و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکە هەم لە رووی یاساییەوە هەم لە روویەکانی دیکەوە، هەم لەسەر ئاستی نێوخۆیی هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.**

**2- لەسەر ئاستی پسپۆران و شارەزایانی بواری یاسای تاوانیی و بەتایبەت تر بواری تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت کۆدەنگییەك دروست ببێت لەسەر دەستەواژەیەکی یەکگرتوو بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە، تاکو لەکاتی داڕشتن و دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بەم بوارە بەتایبەت سەبارەت بەو وڵاتانەی کە تاکو ئێستا هەنگاوی یاساییان لەم بارەیەوە نەگرتووەتە بەر لە نێویشیاندا عێراق و هەرێمی کوردستان، یەکلایی کردنەوەی ئەم پرسە بەشێوەیەکی ئاسان بەڕێوەدەچێت و هیچ گیروگرفتێکی ئەوتۆ نایەتە پێش یاسادانەر.**

**3- پاڵپشت بەو شرۆڤەیەی کە لەناوەڕۆکی ئەم توێژینەویەدا پێشکەشمان کردووە، پێشنیاری بەکارهێنانی دەستەواژەی (تاوانەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت) دەکەین بۆ ناوزەندکردنی ئەم جۆرە پێشێلکارییانە، کە پێمان وایە وردترین و دروسترین دەستەواژەیە لەناو ئەو دەستەواژانەی کە تاکو ئێستا پێشکەش کراون کە بتوانێت هێما و گوزارشت بکات لە واتا و مانای دیاردەکە.**

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بە زمانی عەرەبی**

**أ- کتێب:**


1. **امير فرج يوسف، الجرائم المعلوماتية على شبكة الانترنت، دار المطبوعات الجامعية، الاسكندرية، 2008.**
2. **جعفر حسن جاسم الطائي، جرائم تكنولوجيا المعلومات رؤية جديدة للجريمة الحديثة، دار البداية ناشرون و موزعون، عمان، 2008.**
3. **د. حسين محمد الغول، جرائم شبكة الانترنت و المسؤلية الجزائية الناشئة عنها، دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، مكتبة بدران الحقوقية، بيروت، 2017.**
4. **حنان ريحان مبارك المضحكي، الجرائم المعلوماتية، دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، 2014.**
5. **د. راشد محمد المري، الجرائم الالكترونية في ضل الفكر الجنائي المعاصر، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية للنشر و التوزيع ، القاهرة، 2018.**
6. **رشاد خالد عمر، المشاكل القانونية و الفنية للتحقيق في الجرائم المعلوماتية، دراسة تحليلية مقارنة، الطبعة الثانية، المكتب الجامعي الحديث، 2017.**
7. **د.طه سيد احمد الرشيدي، مدى المواجهة التشريعية لجرائم المعلومات في نظام الجزائري و المصري و السعودي، الطبعة الاولى، دار الكتب و الدراسات العربية، الاسكندرية، 2016.**
8. **د.علي عبود جعفر، جرائم تكنولوجيا المعلومات الحديثة الواقعة على الاشخاص و الحكومة، الطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، 2013.**
9. **د. عمار عباس الحسينى، جرائم الحاسوب و الانترنت- الجرائم المعلوماتية، الطبعة الاولى، مكتبة زين الحقوقية، لبنان، 2017.**
10. **د. غنام محمد غنام، دور قانون العقوبات في مكافحة جرائم الكومبيوتر والانترنت، الطبعة الاولى، دار الفكر والقانون للنشر والتوزيع، المنصورة، 2016-2017.**
11. **ليون دكي: دروس في القانون العام، تعريب: د. رشدي خالد، منشورات مركز البحوث القانونية (1)، مطبعة وزارة العدل، بغداد، 1981.**
12. **د.محمد حماد مرهج الهيتي، الجريمة المعلوماتية- نماذج من تطبيقاتها، دراسة مقارنة في التشريع الاماراتي و السعودي و البحريني و القطري و العماني، دار الكتب القانونية و دار الشتتات للنشر و البرمجيات، مصر-الامارات، 2014.**
13. **د.محمد حماد مرهج الهيتي، جرائم الحاسوب، ماهيتها، موضوعها، اهم صورها و الصعوبات التي تواجهها- دراسة تحليلية لواقع الاعتداءات التي يتعرض لها الحاسوب و موقف التشريعات الجنائية منها، الطبعة الاولى، دار المنهاج للنشر و التوزيع، عمان، 2005.**
14. **د.محمد عبدالله ابوبكر سلامة، موسوعة جرائم المعلوماتية، جرائم الكومبيوتر والانترنت، منشأة المعارف، الاسكندرية، 2006.**

15. محمد علي العريان، الجرائم المعلوماتية، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2011.
16. د.محمد كمال شاهين، الجوانب الاجرائية للجريمة الالكترونية في مرحلة التحقيق الابتدائي، دراسة مقارنة، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية، 2018.
17. محمود احمد عبابنة، جرائم الحاسوب و ابعادها الدولية، الطبعة الاولى، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2009.
18. د. مشتاق طالب وهيب النعيمي، تزوير المعلومات كأحد صور الجرائم المعلوماتية، دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، منشورات زين الحقوقية، بيروت، 2018.
19. نبيلة هبة هروال، الجوانب الاجرائية لجرائم الانترنت في مرحلة جمع الاستدلالات، الطبعة الاولي، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، 2007.
20. نهلا عبدالقادر المؤمني، الجرائم المعلوماتية، دار الثقافة للنشر و التوزيع، الطبعة الاولى، عمان، 2008.
21. هشام محمد فريد رستم، قانون العقوبات و مخاطر تقنية المعلومات، مكتبة الالات الحديثة، 1994.

ب- یاساكان:

1. قانون المعاملات و التجارة الالكترونية لامارة دبي رقم (2) لسنة 2002.
2. قانون مكافحة جرائم تقنية المعلومات لدولة عمان رقم (12) لسنة 2011.
3. قانون تنظيم التواصل على الشبكة ومكافحة الجريمة المعلوماتية السورية، الصادر بالمرسوم التشريعي رقم /17/ لعام 2012.
4. قانون رقم (60) لسنة 2014 بشأن جرائم تقنية المعلومات البحريني.
5. قانون رقم (63) الكويتي لسنة 2015 بشأن مكافحة جرائم تقنية المعلومات.
6. قانون الجرائم الالكترونية الاردنية رقم (27) لسنة 2015.
7. قانون اتحادي رقم (12) لسنة 2016 في شأن مكافحة جرائم تقنية المعلومات-الاماراتي.
8. نظام مكافحة الجرائم المعلوماتية السعودي، لسنة 1428 الهجرية.

دووەم: بە زمانی ئینگلیزی

a. Books:

1. BERNADETTE H. SCHELL & CLEMENS MARTIN, CYBERCRIME - A REFERENCE HANDBOOK, xii (2004)
2. DEBRA LITTLEJOHN SHINDER, SCENE OF THE CYBERCRIME: COMPUTER FORENSICS HANDBOOK, SYNGRESS PUBLISHING (2002).
3. RUSSELL G. SMITH ET AL., CYBERCRIMINALS ON TRIAL (2004).

b. Papers:

1. Douglas H. Hancock, To What Extent Should Computer Related Crimes Be the Subject of Specific Legislative Attention? 12 Albany Law Journal of Science & Technology 97 (2001).
2. Elizabeth A. Glynn, Computer Abuse: The Emerging Crime and the Need for Legislation, 12

Fordham Urban Law Journal (1984).

3. John Montgomery, Computer Crime, White-Collar Crime: Fourth Survey of Law, 24 American Criminal Law Review 429 (1987).
4. Michael Hatcher et al, Computer Crimes, 36 American Criminal Law Review, 397 (1999).
5. Robert Ditzion et al, Computer Crimes, 40 American Criminal Law Review, 285 (2003).
6. Steve Shackelford, Computer-Related Crime: An International Problem in Need of an International Solution, 27 Texas International Law Journal, 479 (1991).

c. Codes and Conventions:

1. USA Computer Fraud and Abuse Act of 1986, 18 U.S.C
2. Virginia Computer Crimes Act (1986)
3. United Kingdom's Computer Misuse Act (1990).
4. Malaysian Computer Crimes Act (1997)
5. Council of Europe Convention on Cybercrime (2004).
6. The Cyber Crime Law No. 109/2009 of Portugal.
7. An Act Defining Cybercrime, Providing For The Prevention, Investigation, Suppression and The Imposition of Penalties Therefore and for other Purposes, no. 10175/2012 (Philippines).

## تسمية جرائم الكومبيوتر والانترنت


| ا.د.رزكار محمد قادر | هاوكار عمر احمد |
|---|---|
| كلية القانون / جامعة صلاح الدين | وزارة العدل |
| rizgar70m@yahoo.com | hawkar.ahmed21@yahoo.com |


### ملخص

بعد الانتشار واسع النطاق لاستخدام الكمبيوتر والانترنت في مختلف مجالات الحياة كوسيلتين مهمتين لتسهيل المهام اليومية والاتصالات وتقليل الجهود المبذولة في الأعمال والأشغال وما تبع ذلك من بروز ظاهرة سوء الاستخدام لهما، فقد تمت الاشارة الى تلك الاساءات واستخدمت في تسميتها الكثير من المصطلحات و التسميات سواء من قبل الشراح والفقهاء القانونيين أو المختصين في هذا المجال أو التشريعات التي تناولت هذا الموضوع.

في سبيل أن تكون المعالجة القانونية لأي مشكلة ناجحة ومثمرة لابد وقبل كل شيء من الوقوف والاتفاق على التسمية الاكثر ملائمة للمشكلة المعروضة، وهذا القول ينطبق تماما على موضوع الاساءات والاستخدامات غير المشروعة للكومبيوتر والانترنت.

وهذا البحث انصب بالذات على موضوع هذه التسمية، حيث تمت الاشارة الى العديد من التسميات والمصطلحات للتعبير عنها، وبما أن هذا البحث هو جزء من دراسة أوسع منصبة على التصدي القانوني لهذه الظاهرة فكان لابد أن نعالج أولا مسالة المصطلح أو التسمية التي تعبر عن الظاهرة المشار اليها أكثر من غيرها.

ولقد قمنا في هذا البحث بدراسة المصطلحات المستخدمة كلا على حدى مما مكننا من التوصل الى المصطلح الانسب من بينها.

**الكلمات المفتاحية: التسميات، الجرائم المتعلقة بالكومبيوتر، سايبر كرايم، المواجهة, توحيد الاسماء.**

## Naming of computer and Internet crimes


| Prof.D. Rizgar.M. Kadir | L. Hawkar Omar Ahmed |
|---|---|
| Collage of Law / Salahaddin University | Ministry of Justice |
| rizgar70m@yahoo.com | hawkar.ahmed21@yahoo.com |


**Abstract**

After the widespread use of computers and the Internet in various areas of life as two important means to facilitate daily tasks and communications and reduce efforts exerted in business and works and the consequent emergence of the phenomenon of misuse for them, these abuses were referred to by many terms whether by the legal scholars, specialists in this field or legislation that has dealt with this topic.

In order for the legal treatment of any problem to be successful and fruitful, there shall be a common agreement on the most appropriate name for the presented problem, and this applies perfectly to the issue of abuse and illegal uses of the two aforementioned means.

This research focused specifically on the subject of this naming, as many terms were used to express it, and since this research is part of a broader study focusing on the legislative confrontation of these abuses, we had to first address the issue of the term that expresses the phenomenon referred to more than others.

In this research we have studied the used terms separately, which enabled us to find out the most suitable term among them.

**Keywords.** Naming, computer and Internet crimes, Cyber Crime, Confronting, Standarization of Names.